www.ba8.org

## مەسح كردن بەسەر ( جبيرة ) برين پێچ و وێنەی برين پێچ

شەرعیەتی ئەم مەسح كردنە :

شەرعی‌یە مەسح كردن بەسەر برين پێچ و لەفاف و وێنەی ئەم دووانە، كە ئەندامی برينداريان پێ ئەپێچرێ، بەپێی چەند (حديث)ێك كە لەو بارەیەوە هاتوون، هەرچەندە ئەو (حديث)انە (ضعيف)يشن، بەڵام چەند ڕێگایەكيان هەیە كە یەكتر بەهێز ئەكەن و وايان لێ ئەكەن چاك بن بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر شەرعیەتی ئەو مەسح كردنە.

لەو (حديث)انەش (حديث)ی جابیرە كە ئەگێڕێتەوە: پیاوێك بەرد بەر سەری كەوت و سەری بريندار كرد، پاشان ئیحتیلام بوو، لە هاوڕێكانی پرسی ئێوە ئەڵێن: ڕوخصەت هەیە تەیەمموم بكەم ؟ ووتیان: بۆت نیە چونكە توانای بەكارهێنانی ئاوت هەیە، ئەویش خۆی شۆری و مرد، كاتێك گەڕاینەوە بۆ پێغەمبەریان ﷺ گێڕایەوە، فەرمووی: كوشتوویانە خوا بیان كوژێت نەئەبوو پرسیار بكەن كە نەیان ئەزانی؟ چونكە چارەی نەزان پرسیار كردنە، ئەوەندی بەس بوو تەیەمومی بكردایەو شتێكی بپێچایە لەبرینەكەی سەری و لەپاشاندا مەسحی بكردایەو ئەندامەكانی تری لەشی بشۆردایە. ئەبو داود و ئیبنو ماجەو (دارقطني) گێڕاویانەتەوەو ئیبنوسەكەن بە صەحیحی داناوە، وە بە صەحیحی لە ئیبنو عومەرەوە هاتووە كە مەسحی كردووە بەسەر برین پێچدا[١] .

حوكمی ئەم مەسح كردنە:

واجبە مەسح بكرێ بەسەر برين پێچ و وێنەی برين پێچدا، لە دەست نوێژ گرتن و خۆ شۆریندا لە جیاتی شۆردن و مەسح كردنی ڕاستەوخۆی ئەندامە نەخۆشەكە.

چ كاتێك ئەم مەسح كردنە واجبە؟:

هەركەسێك برینێكی پێوە بێت یا شوێنێكی شكابێت و بیەوێ دەست نوێژ بگرێت یا خۆی بشۆرێت واجبە لەسەری ئەندامەكانی لەشی هەموو بشۆرێت، ئەگەرچی بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە گەرم كردنی ئاوەكەش بێت. جا ئەگەر ترسی زیانی هەبوو لە شۆردنی ئەندامە نەخۆشەكە، وەك ئەوەی ئەگەر بیشوات و ئاوی بەربكەوێت تووشی نەخۆشی ببێت، یا ئازاری زیاد كات، یا چاك بوونەوەی دووا بكەوێ، ئەوكاتە فەرزی شتنەكە ئەبێتە دەستی تەڕ پێدا هێنان، جا ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوو تووشی زیان ببێ بەهێنانی دەستی تەڕ پێیدا، ئەوكاتە واجبە برینەكە بە پارچە قوماشێك بپێچێت، یا شوێنە شكاوەكە بە موشەمما بپێچێت بە مەرجێ لە ئەندامە نەخۆشەكە تێ نەپەڕێت لەبەر پێویستی بەستن نەبێت، ئینجا مەسحی بكات یەكجار بە شێوەیەك هەمووی بگرێتەوە، وە موشەمما یا برين پێچ مەرج نیە پێش بەستنیان دەست نوێژ هەبێ، وە كاتیشی بۆ نیە، بەڵكو هەمیشە لە دەست نوێژو خۆشۆردندا مەسح دەكرێت، مادام ئەو مەعزەرەتە هەبێ.

(١) لە ڕاستی دا (حديث) بە ڕێگای زۆر بەهێز نابێت ئەگەر لاوازی‌یەكەی زۆر بوو، وە ئەو چوار (حديث)ەی ئەكرێنە شاهید لێرەدا هەموويان لاوازن، تەنها ڕێگا بۆ ئەو مەسح كردنە ئەسەرەكەی ئیبنو عومەرە كە ناكرێتە بەڵگەی شەرعی. (تمام المنة).

ئەو شتانەی مەسح کردن باتڵ ئەکەنەوە:

مەسح بەسەر برین پێچ یا لەفافدا باتڵ ئەبێتەوە؛ ئەگەر بێت و ئەو برین پێچە یا ئەو لەفافە لەسەر برینەکە لاچوو، یا کەوتە خوارێ، یا نەکەوتە خوارێ بەڵام برینەکە چاك بۆوە.

کەسێك ئاوو گڵ و خۆڵی دەست نەکەوت چۆن نوێژ بکات؟!

ئەگەر کەسێك ئاوو ئەو شتانەی تەیەمومی پێ ئەکرێت چنگی نەکەوت، بەپێی حاڵی خۆی نوێژەکەی ئەکات و گێڕانەوەشی لەسەر نیە. بەپێی ئەوەی موسلیم لە عائیشەوە ئەگێڕێتەوە دەفەرمووێت: (ملیوانکەیەکم لە (أسماء) بە ئەمانەت وەرگرت، لێم وون بوو، پێغەمبەر ﷺ کەسانێکی نارد بۆی بگەڕێن، لەو ماوەیەدا کاتی نوێژ هات ئەوانیش بەبێ دەست نوێژ نوێژەکەیان کرد. کاتێ گەڕانەوە بۆ پێغەمبەریان ﷺ گێڕایەوە. ئەوە بوو ئایەتی تەیەموم هاتە خوارەوە) ئوسەیدی کوڕی (حضیر) فەرمووی: خوا پاداشتت بداتەوە، سوێند بە خوا شتێك نەبووە تووشت بێ ئیللا خوا دەرویەکی بۆت کردۆتەوە لەو شتە، و بۆ موسڵمانانیش کردوویەتییە بەرەکەت.

ئەوەتا یارەکانی پێغەمبەر ﷺ کاتێ ئەو شتانەی بۆ دەست نوێژ و تەیەموم بەکار دێت لایان نەبوو بێ دەست نوێژ نوێژیان کرد، وە کاتێکیش بۆ پێغەمبەریان باس کرد ئینکاری لەو کارەیان نەکردو فەرمانی پێ نەکردن نوێژەکەیان بکەنەوە، ئیمام نەوەوی دەفەرمووێت: ئەوە بەهێزترین ووتەیە کە بەڵگە بێ بۆ دروستی کردنی نوێژ لەم حاڵەتەدا.

==================


# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**